پەری‌خان بووم
لەسەر لێوی
هێلانەی - دەنگ -م دروست‌کرد
کە لەنجەی کرد
من باڵم گرت
پەری‌خان ڕۆی .. ئەڕۆم ئیتر
هەڵئەفڕێم .. خۆی لە باڵم ئەکاتەوە..
خۆشەویستیی
هێلانەکەم جێ‌ئەهێڵێ
ئەڕۆم . ئیتر هێلانەکەم دەرئەکات
ئەڕۆم . نابێ بنیشمەوە !
● پەری‌خان ڕۆی .. بنار ڕووت بوو
● بۆچی ئەڕواو .. ڕاناوەستێ .
هەتا تویژاڵی برینی گوڵەکانی دێنەوەیەك
دەبا ئەڕواو پشوویەك بات .
● پەری‌خان ڕۆی .. من گوێم لێ بوو
ئارمایی‌یەك ..
کە لە شێوەی دوویشکیکی باڵدارا بوو

سەرم بەخشی ی بە باران ئەویش کردی
بە لافوی و ڕژایی یە ئەو .
دۆڵ و هەردو کەژانەوە . .
کە ئەهەنگیان تیا قووتئەدا
باران
ئەتووست و .
ئەتووستم . .
سەرم . . سەنگەری بوو . .
لەگەڵ - با - دا بەری ئەکەوت
ئیتر پڕمکرد بە دڵاو هاویشتمە ناو :
لافاودوە . .

● لافاو . ببە
ئەو ناهێڵێ وەنەوز بدەی
لافاو ببە
ئەو ناهێڵێ سەری فەرهادکوژ بنری بە :
لەشی سپی شیرینەوە . .

● شەو سوارێک بوو . .
لە پاشکۆی تاریکی ی خۆیدا سواری کردم

من مردمو من نەمردم !

● دەس بەرنەدەی

کاتێ غارکردنی مەرگە

دەس بەرنەدەی

ئاڵێرەوە .. شاری مردن وەك دووریشە .

نزیکیشە !

دەس بەرنەدەی !

● لە ...ورەی گێژەندامو ئەم سەدەیە

گێژەدا

● لە گێژەندا .. هەلویستی ...ۆت بدۆزەوە .

● ئەم گێژەنە .. سوو...ەوەی

ترسە بەدەوری مردندا

لەم جێیەدا .. کەشتیکەی نوح

سەربەرەوژێر ئەبێتەوە ..

لەم جێیەدا

ئاو .. هەناسە .

لە سنگی خنکاودا ئەدا

کەی سوندوباد ئەگەیشتە ئەم گێژەنە

له باوه‌شی شیعر ئه‌گرن !

باران ئه‌نووست‌و ئه‌نووستم

ئه‌م زریانه له «گلگامش»ی[9] کاروانیا

قاره‌ی توّفان ناونووس ئه‌کات .

ده‌رگای داستان‌و ئه‌فسانه .

له‌سه‌ر «ئه‌نکیدوّ»ی هاوریّ‌ی ئه‌کاته‌وه .

- توّش «پیره‌که‌و زه‌ریا که»[10] . به
- به‌رینه‌وه . . له‌م توّفانه

پردیکی چه‌خماخه‌ی ئه‌ویّ

- توّش «بوراق»[11] به !

« بووم به بوراقی په‌یامی سووتاوه‌کان . بووم به پیره‌و به زه‌ریاکه‌ی . ناو روّمانی کوّچی ئه‌محاره‌ی په‌ری‌خان . کیوه‌کانم له‌ناو وره‌ی خوّمدا مت‌کرد . کیوه‌کانم .

به‌سه‌ر وشه‌مدا هه‌لگه‌ران . له نیرینه‌ی ترسا ژنام .

من زمانی‌خه‌نجه‌ری بووم خوینی کیلانه‌که‌ی خوّمم ئه‌لسته‌وه‌و هه‌موو روّژی چاوه‌روانی .

هاتنی کفنی خوّم ئه‌کرد . هه‌موو شه‌وی چاوه‌روانی . ته‌ورداسی برینه‌وه‌ی خوّمم ئه‌کرد

سبی ئەکرد !

ئەوا ئیستەش شەختە ڕێیە
دەریاچە بەستی و ڕێوی یەك[٧]
پێش کاروان کەوت
لەناو ئاوێنەی سەهۆڵدا
سەری ئەسپە کەحیلەکان گەورەترن
بالای دڵدار . بڵندترن .
سەلکەرێشم و . ڕەخت و . قەڵبوز
لەناو ئەودا . زۆر جوانترن
تەقەی سم و . پرمە و . کورژن
هۆبەهۆ و . هاواری خێڵی براچۆك
دارستانی ئەو دەنگانەن . تیك ڕژاون
بەفر ئەبارێ . کلوو بەپوولەی وەریوی
سەر ڕدێن و سمێڵ با بری کورگەلن
تارمایی مێر کەوتوتە دووی جێ پێ و جێ سم
ڕێوی بە سەر سلێکی کرد .
ڕێوی کلکی ترسی بزواند .

